

# د. ئەفراسیاو هەورامی:

# ڕێرەوە مێژووییەکەی بارزانی نەمر و هەڤاڵانی هیچی لە ڕاگەیاندنی کۆمار کەمتر نییە

**✽ دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی پسپۆڕێکی دیاری بواری مێژووەو خاوەنی چەندین کتێبی دانسقەیە لەوانەش کتێبێک لەسەر بارزانی نەمر کە پشتی بە چەندین دیکۆمێنت و بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی سۆڤیەتی پێشوو بەستبوو.**

**ناوبراو لە دایک بووی هەورامانی لهۆنە و لە ساڵی ١٩٨٤ـەوە لە روسیا دەژیت و ماستەری لە یاسادا هەیە و دکتۆرای لە مێژوودا هەیە لە سەردانەوەیەکی بەڕێزیاندا بۆ کوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا.**

**دیمانە/ نامق هەورامی**
**namqhawramy@hotmail.com**

**✽ یەکێک لەو هەنگاوانەی بەڕێزتان لە رووسیا کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و دیکۆمێنت بوو لەسەر ڕێڕەوە مێژووییەکەی بارزانییەکان و خودی بارزانی نەمر بوو بۆ سۆڤیەت چۆن بیرتان لەم کارە کردەوە؟**

– سەرەتا من تێزی دکتۆراکەم تێمی کۆماری کوردستانم هەڵبژارد ئیدی لە کاتی دیراسەکردنی بەڵگەنامە و نوسراوەکاندا دەرگای ناسینی بارزانی نەمرم بۆ کرایەوە کە دەڵێم ناسین مەبەستم ناسینێکە وەک ئەوەی لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە.

(مورتەزا زەربەخت) و (پەسیان) دوو ئەفسەری سوپای ئێرانین و لەو شەڕانەدا بوون کە دژی کۆمار کراون و ئەوان وەک دوژمن شایەدی لەسەر قارەمانیەتی و جوامێری بارزانی نەمر دەدەن.

لە ئەنجامی گەڕانم بە نێو بەڵگەنامەکاندا ئەوەم بۆ روون بویەوە ئەوەی لە بارەی بارزانییەوە گوتراوە لەلایەن نەیارانەوە و ئەوەی لەسەر زار بڵاوکراوەتەوە هەمووی هەڵەبوون. من بارزانی نەمرم وەک سیمبولی نەتەوەیەک لە نێو ئەو بەڵگەنامانەدا ناسی لە کاتێکدا کە هەمووان دەزانن کاتێک بارزانی لە سۆڤیەت بوو تا کاتی مردنی ستالین و هاتنی خرۆشۆڤ چ تاڵاوێکیان چەشتووە لەو وڵاتەدا.

ئەوەمان لە یاد نەچێت ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی بارزانی نەمر و هاوەڵانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت و بڕینی سێ سنووری دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەمە نموونەیەکی مەزنی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەیەکە لەژێر سەرکردایەتی کەسێکی وەک ئەو مرۆڤە مەزنەدا، دەکرێت چەندین لێکۆڵینەوە زانستی لەسەر بکرێت و ئەم ڕاستییانە لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت و حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتدا بە ئاشکرا باس کراون، ڕاپۆرتی قونسوڵەکانی سۆڤیەت لە شارەکانی ئێراندا بەڵگەن بۆ ترسی دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر بارزانی نەمردا، بۆ یەکەمجار من ئەو بەڵگەنامانەم وەرگرتن و بڵاوم کردنەوە و دڵنیام زۆری تریش ماون و هیوادارم کورد بتوانێت سوود لەو ئەرشیفانە بکات بۆ شارەزابوون لە مێژووی کەڵەپیاوانی خۆیدا. لە گرنگی ئەم ڕێڕەوە مێژووییەدا من بەو ئاکامە گەیشتم کە هەوڵی زیاتر بدەم بۆ ئەوەی نەتەوەیەکی وەک کورد بەجیهان زیاتر بناسێنرێت و پاڵەوانێکی ئەفسانەیی وەک بارزانی بۆ هەمیشە ئەو گیانفیداکاری و مقاومەتەی کە هەیەتی لەلایەکەوە بە رووسی زانەکان بناسێنم و لە لایەکی دیکەوە ببێتە زەمینەیەک بۆ دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتی لەسەر بارزانی و ڕێڕەوە مێژووییەکەی و پەڕینەوەی لە ئاوی ئاراس.

**✽ هەمیشە زۆرێک لە شۆڕشگێڕانی کورد بەهیواوە لە سۆڤیەتیان دەڕوانی کەچی دواتر بەپێی بەڵگەنامەکان کە دەرکەوتن ئەوان زۆر دژی کورد بوون؟**

– دیارە هەڵوێستی سۆڤیەتیش وەک هەر وڵاتێکی خاوەن بەرژەوەندی لەسەر ئەوە بوو بزانێت لە کوێوە بەرژەوەندییەکانی زیاتر دەستەبەر دەبن، هەر بۆیە دەبینین تا مردنی ستالینیش ئەوان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا دەژیان، بەڵام پاش مردنی ستالین و هاتنە سەر دەسەڵات لەلایەن خرۆشۆڤەوە هاوکێشەکە تاڕادەیەک گۆڕدرا بەڵام کاتەکە درەنگ بوو.

هەر لە سەرەتاوە خودی ڕێڕەوەکە و ناردنی کەسێک لەلایەن بارزانی نەمرەوە بۆ لای کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بۆ ڕێگەدان بە پەڕینەوە، وەک لە یەکێک لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە کە دەوڵەت رازی نەبوو بە پەڕینەوەیان تا فەرمان لە مۆسکۆ وەرگرن، بەڵام بەهۆی گوشاری هێزەکانی ئێرانەوە کە بە دوای بارزانییەوە بوون ئەویش بڕیاریدا چاوەڕوانی نەکات و بپەڕێتەوە ئەمە واتای جەسوری و بڕیاری چارەنووسازانەیە و لێرەدا گەورەیی بارزانی دەردەکەوێت و سۆڤیەتییەکان ناچار دەکەن بەنا بە دڵی بارزانی قبوڵ بکەن و ئەویش دوای ئەوەی ستالین دڵنیا بوو ناتوانێ ئیستیفادەی نەوت لە

ئێران بکات بۆیە ناچار بوو بارزانی وەربگرن.
هەندێک پاکانە بۆ سۆڤیەت دەهێننەوە بەڵام خۆ دەکرا سۆڤیەتییەکان ئەگەر نەیاندەتوانی داکۆکی لە کۆماری کوردستان بکەن خۆ دەیانتوانی رێز لە بارزانی و هاوەڵانی بگرن.

*** ئەو هەنگاوەی بارزانی نەمر چۆن دەبینیت پاش هەرەسی کۆماری مەهاباد کە ئامادە نەبوو خۆی بداتە دەست دوژمنان و سنووری سێ وڵاتی بڕی؟**

– من بە دڵنیاییەوە دەڵێم رێڕەوە مێژووییەکەی بارزانییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە راگەیاندنی کۆمار گرنگتر بوو، چونکە بەپێی راپۆرتی قونسوڵەکانی سۆڤیەت بارزانی رای نەکرد بەڵکو پاش مقاوەمەیەکی زۆر توانی ئەو بڕیارە مێژووییە بدات بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان جارێک بارزانی تووشی شکست نەهاتووە بگرە بە هەمیشەیی گورزی گەورەی لە دوژمن وەشاندووە.
ئەگەر تەماشا بکەین هەڵوەشاندنەوە و هەرەسی کۆماری کوردستان شتێکی سەیر بوو لەبەر ئەوەی لە کۆماردا هیچ بەرگرییەک نەکراو رێگەش لە بەرگری خەڵکی دەگیرا، من دەزانم نەدەکرا شەڕی جەبهەیی بکرێت، بەڵام خۆ بەدەستەوەدان بەو جۆرەش راست نەبوو چونکە لەو ماوەیەدا بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەستم کەوتوون دەکرا بەو ئاسانییە سەرکردایەتی کۆمار بڕیاری خۆبەدەستەوەدان نەدەن یان لە بەرامبەر خۆ بەدەستەوەداندا دەبوو هەندێک شت بۆ نەتەوەکەمان دەستەبەر بکەن.
واتە بڕیارەکەی بارزانی زۆر دروست بوو، هەرچەندە بارزانی لەگەڵ شەڕکردندا نەبوو، بەڵام ئامادەش نەبوو خۆی بەدەستە دوژمنەوە بدات بەم رێڕەوە مێژووییە بارزانی داستانێکی حەماسە خوڵقێنی تۆمار کردوو تۆڵەی شکستی کۆماری کوردستانی کردووە و ئەو پەیامەی لە دوای رێڕۆشتنە مێژووییەکەوە بۆ کورد بەجێ هێشت کە کورد دەیتوانی بەرگری بکات.
لەلایەکی دیکەوە ئەوە بوویە پەندێک بۆ دوژمنان کە نەتوانن وا بیر بکەنەوە دەتوانن هەموو خەونەکانی کورد لەباربەرن و کەسیش بەرگری ناکات.
نەک ئێمە وەک کورد بگرە تەواوی ئازادیخوازانی دنیا کاتێک چیرۆکی ئەو رێڕەوە مێژووییە دەخوێننەوە شانازی بە کەسێکی وەک بارزانییەوە دەکەن و هێمای شێلگیرییە بۆ گەیشتن بە مافەکانی و هەر ئەویش بویە هێمای نەتەوەیی گەلەکەمان و مێژوو شانازی پێوە دەکات. بەڵام ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە مێژووی بارزانی وەک خۆی بخوێنینەوە لە میانی ئەو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتانەی کە هەن، یان دەکرا سوود لە گێڕانەوەکانی شەخسی بارزانی و یاوەرانی بکەین چونکە مێژوو تەنیا دیکۆمێنت و بەڵگەنامە نییە، یان دەکرێت ئێستاش سوود لە خەڵکی ئەو گوندانە وەرگرن لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەدا چونکە ئەوە کەرەسەیەکی لەبن نەهاتووی مێژووی نەتەوەکەمانە، من ئەو کتێبەی لەسەر بارزانی نووسیومە پێشکەشم کردووە بەو خەڵکانەی کە لە گوندەکانی ئەو سنوورەدا هاوکاری بارزانییان کردوە لە گشت رووبەکەوە.
بەڵام خودی دەوڵەتی سۆڤیەت لە ئاست پێویستدا نەبوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ خودی بارزانیدا چونکە ئەگەر کەسێکی کەمتر لە سەنگی بارزانی بهاتایەتە سۆڤیەت لە ئاستێکی بەرزدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بەڵام تا مردنی ستالین ئەو بارزانییانە وەک کارگەر لە کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، بەڵام لە کاتی هاتنە سەرکاری خرۆشۆڤدا هاوکێشەکە گۆڕدرا و ئەمەش دەمکوتکردنی ئەوانەیە کە چەندین ناوناتۆرەیان لە بارزانی دەنا کاتێک لە سۆڤیەت بوو. بەڵام تەکتیک و نەخشە سەربازییەکانی بارزانی لەلایەن مامۆستا و ژەنەراڵەکانی رووسەوە بەوانە دەگوترانەوە. بارزانی بەشێکە لە مێژووی کورد و دەبێت لە بەڵگەنامەکاندا کە لە زۆر وڵاتدا هەیە کاربکرێت بۆ زیاتر شارەزابوون لە روانینی خەڵکی تر لەو مرۆڤە و ئەمەش دەستپێشخەری پارتی دەوێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە چونکە ئەو کارە بە تەنیا کەس ناکرێت و خەڵکی تریش ئەو مەسەلانەی بەلاوە گرنگ نییە بۆیە داواکارم خەڵکی هان بدرێت کار لەو ئەرشیفانە بکرێت چونکە زۆر شتی ئێمە لە نێو ئەو بەڵگەنامانەدایە، بەڵام ئێمە پێی نازانین.
ئەمڕۆ لە گشت قۆناغێک زیاتر پێویستمان بە دەزگای ئەرشیف هەیە چونکە ئەوە ناسنامەی هەر نەتەوەیەکە و پەلەکردن لە دامەزراندنی ئەو دەزگایە و کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە و ئەو کتێبانەی لەسەر کورد نووسراون کۆبکرێنەوە.




*** ئەگەر هەندێک باسی کوردەکانی رووسیامان بۆ بکەن.**

– ئەگەر چی بەداخەوە باسناکرێت کە کوردستان کە تا شەڕی جیهانی یەکەم بەسەر سێ ئیمپراتۆریەتدا دابەش بووە ئێمە باسی ئەو بەشەی رووسیا ناکەین کە هەق وایە گرنگی پێ بدرێت، لەملاولەولا دەڵێن لە سۆڤیەت کورد هەیە، بەڵام بەشێکی کوردستان لە رووسیادایە و ئەو گرنگییەی پێنادرێت و وادەردەخرێت کە ئەو کوردانە لە شوێنی ترەوە چوونە رووسیا.
بە پێچەوانەوە ئەوانە خەڵکی رەسەنی ئەوێن، لە کەناری رووباری ئاراسدا زۆر خێڵ و هۆز هەن کە بەشێکیان لە رووسیان و بەشێکیان لەمبەرەوەن ئەویش بەهۆی ئەو لەتبوونەی کوردستانەوە کە سنوورە دەسکردەکان درووستیان کردووە.
کوردەکانی سۆڤیەتی جاران مێژوویەکی تراژیدییان هەیە. ساڵی ١٩٢٣ کوردستانی سوور خود موختاری هەبوو تا ساڵی ١٩٣٠ و لەو ماوەیەدا کورد رۆژنامە و گۆڤاری بە کوردی هەبوو، قوتابخانەی بە کوردی هەبوو، لە سەردەمی ستالیندا ئەو کۆمارە هەڵوەشایەوە بە فیتی شۆڤێنییەتی ئەرمەنی و ئازەربەکانەوە کە ئەوانە لە دارشتنی دەوڵەتی قەیسەر و سۆڤیەتیشدا رۆڵیان هەبووە لە دیاری کردنی سیاسەتی ئەم دەوڵەتە لە بەرامبەر کوردا بۆ ئەوەی کورد هیچ کیانێکی نەبێت.
راگواستنی کوردەکان لە ساڵی ١٩٣٧وە دەست پێدەکات و دواتر لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا زۆرێک کوردیان راگواست بۆ کۆمارەکانی تر وەک قرغیستان و کازاخستان و ئاسیای ناوەڕاست و سیبیریا و پاش مەرگی ستالینیش نەیانهێشت بگەڕێنەوە سەر خاکی خۆیان و بە پەرتەوازەیی مانەوە، ئەمە بە پێچەوانەی چیچانییەکانەوە چونکە ئەوانیش کۆمارەکەیان هەڵوەشا، بەڵام دواتر گەڕانەوە و ئێستا کۆماری چەچەنستان هەیە، بەڵام کورد نەیتوانی ئەو هەنگاوە بنێت و زەمینەی لە باریش نەبوو چونکە کورد هیچ پشتیوانێکی نەبوو. هەرچەندە لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی قەیسەری و سۆڤیەتدا هاتووە کە کورد یەکێکە لە نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، بەڵام بینیمان کە چ رەفتارێک لەگەڵ کوردەکاندا کرا.

*** پاش ئەوەی زۆر کۆمار لە نێو رووسیادا دروست بوون لەوانەش وەک ئاماژەتان پێکرد چەچەنستان بوو، کوردەکان هیچ پڕۆژەیەکی لەم جۆرەیان گەڵاڵە نەکردووە بۆ پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆ؟**

– لە سەردەمی گۆرباتشۆڤدا کوردەکان ئەم هەوڵەیاندا بۆ ئەوەی کیانەکەی خۆیان دروست بکەنەوە، بەڵام گۆرباتشۆف زۆری نەخایاند و یەکێتی

سۆڤیەت هەڵوەشایەوە و ئێستاش بەهۆی زۆری ئەو کۆمارانە کورد زیاتر لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە بۆیە ئەمڕۆ ئەم هەنگاوە زۆر زەحمەتە، بەڵام رووسیا دەتوانێ رۆڵ ببینێ لە کۆمارەکانی تردا بۆ گێڕانەوەی مافی کوردەکان بەتایبەتی لە ناوچەی ناگۆرنۆکەرەباخ کە کاتی خۆی کوردستانی سوور لەو ناوچەیەدا بوو کە بە دەست ئەرمەنییەکانەوەیە و ناوچەی وا هەیە کە لە سەدا حەفتای کورد بووە، بەڵام نەگەڕاونەتەوە. ئەمە جگە لەوەی نەبوونی پارتێکی سیاسی کوردی لە ناو کوردەکانی رووسیادا هۆکارێکی ترە بۆ پەرش و بڵاوی کوردەکان و گوێ نەگرتن یان نەبوونی یەکدەنگییەک لە نێو کوردەکاندا.

بەڵام لە یاسای رووسیادا بڕگەیەک هەیە کە مافی کەلتووری دەداتە گشت نەتەوەکان و کوردیش لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێ ناوەندی کەلتووری و فەرهەنگی و قوتابخانەی کوردیان هەبێت و گۆڤار و رۆژنامەشیان هەبێت، بەڵام وەک گوتم رێکخستنەکی سیاسی نییە ئەمانە رێک بخات و کاریان بۆ بکات.

هەستی کوردایەتی لەنێو کوردەکانی رووسیادا زۆرە و بە چاوی هیواوە دەڕواننە ئەم ئەزموونە لە باشووری کوردستان و پێیان خۆشە ئەم ئەزموونە گەشە بکات و ئاوڕی کوردانە لە وان بدەنەوە و بۆ ئەم مەبەستە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەم بایەخی زیاتر بە کوردەکانی رووسیا بدەن چونکە زەحمەتە جارێکی تر بتوانن کۆببنەوە بەڵام دەکرێت هەستی نەتەوایەتیان بەهێزتر بکرێت.

*** بەڕێزتان ماستەرتان لە یاسادا هەیە، لە رووی یاساییەوە هاتنی دوو گەورە بەرپرسی ئەمریکی وەک رامسفیلدی وەزیری بەرگری و کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوە راستەوخۆ بۆ کوردستان و دواتر بۆ بەغدا چۆن دەبینن؟**

-خۆی لە خۆیدا ئەم هاتنە بۆ کوردستان و بۆ جێگایەکی دیاریکراو مانای زۆر هەڵدەگرێت لە گشت روویەکەوە چونکە ئەمڕۆ ئەم ناوچەیە سەنگی سیاسی خۆی هەیە و گەورە بەرپرسانی دەرەوەش دەزانن کە بەبێ بوونی کورد لە ناوچەکەدا دیموکراسی و ئازادی دەستەبەر و سەقامگیر نابێت و ئەم راستییە لەلای خەڵکی سادەش دەرکی پێدەکرێت.

هاتنی کۆندالیزا رایس و پێشتریش هاتنی رامسفیلد مانای ئەوەیە کە ناوچەکە زۆر ئارامە و کوردیش گەلێکە مافی ئەوەیان هەیە وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ئەگەر چی بەهۆی جوگرافیای سیاسی و سنوورە دەسکردەکانەوە پارچە پارچە کراوە، هەرچەندە تا ئەمڕۆ کیانێکی سەربەخۆی نییە سەربەخۆر بە مانای دەوڵەت، بەڵام وەک چۆن لە رابردوودا هەرێمی کوردستان بوویە دیفاکتۆ ئەمڕۆ بە هاتنی ئەو گەورە بەرپرسانە واقیعە چووەتە دۆخی پۆست دیفاکتۆوە، چونکە ئەمە مامەڵەکردنێکە لەگەڵ دەسەڵات و کیانێکدا کە هێشتا لە باری نێودەوڵەتییەوە بەرەسمی نەناسراوە، بەڵام لە رووی مامەڵەکردنەوە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لە سیستەمی فیدراڵیدا پەیوەندییەکان لە رێگەی ناوەندەوە دەبن، بەڵام لێرە بە پێچەوانەوە لە کوردستانەوە پاشان بۆ ناوەند دیارە ئەمەش لەخۆڕا نەبووە و گەورە بەرپرسانی وڵاتانی دەرەوە لە گشت هەنگاوێکدا حسابی وردی بۆ دەکەن یان جاری وا هەیە شاندێک دێتە کوردستان و لەوێوە دەچێتە وڵاتێکی تر وەک ئەوەی ئێرەش وڵاتێکی سەربەخۆ بێت. بە دیوێکی تردا ئەوە دەگەیێنێ کە ئەوە پەیامی زلهێزەکانی جیهانە و کورد دەڵێت ئێمە لەگەڵتانین و مامەڵەی نەتەوەیەکی سەربەخۆتان لەگەڵدا دەکەین و ئێوە دۆست و هاوپەیمانی راستەقینەی ئێمەن.



*** ئەگەر تەماشا بکەین لە کوردستانی باشووردا دوو جۆر و ئاراستەی گوتاری سیاسیمان هەیە، گوتارێک زۆر پێگیری لەسەر کوردایەتی و کوردستانییەت دەکات و گوتارەکەی تر زۆرتر عێراقیانە یان عێراقچیانەیە، بەڕێزتان ئەمە چۆن دەبینن؟**

– گرفتەکە لەوەدایە ئێمە ماڵی عێراق رێکدەخەینەوە و ماڵی خۆمان خاپوور دەکەین، پەرلەمانی عێراق بەو گشت ناکۆکیانەوە توانی کۆبێتەوە و حکوومەت دروست بکاتەوە کەچی ئێمە زیاتر لە ١٣ ساڵە پەرلەمانمان هەیە کەچی تا ئێستا نەمانتوانیوە هەردوو ئیدارەکە یەک بخەینەوە، لە بری ئەوەی مۆدێلی کوردستان بگوازینەوە بۆ عێراق خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە.

ئێمەی کورد بە یەکگرتوویی خۆمان توانیمان لە باڵاترین پایەی عێراقدا کورد دیاری بکەین، توانیمان سوێندی یاسایی بە حکومەت دووبارە بکەینەوە کەچی خەریکە لەم کاتەدا قورسایی خۆمان دەخەینە نێو بەغداوە و لێرە ئاستەنگ دروست دەکەین بۆ پەرلەمانەکەمان، دروستکردنی هەر گرفتێک لەسەر رێی پەرلەمان و حکوومەتی باشوور دژایەتی کردنی کوردە لە سەرتاسەری کوردستان و دەرەوەدا.

ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بیڵێم ئەوەیە ئەو حزبە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا براوەیە کە تەنازول دەکات لەزۆر خواستی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلەکەیدا، لە پێناو سەنگی کورد و نیشتمانی کورد و کورد لە پارچەکانی دیکەدا.

لایەنێک کە نەیەوێت تەنازول بۆ کورد بکات یان لایەنی دەرەکی نەهێڵێ تەنازول بکات ئیدی بەهەر پاسا و هۆیەکەوە بێت مێژوو ئەو دەم بە جۆرێکی دیکە باسی دەکات.

بە نموونە باسی دەکەم جارێک لایەنێکی کوردی هاتبوویە مۆسکۆ بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی رووسیا دروست بکەن لەو دانیشتنەدا کوردناسێک بە شاندەکەی گوتبوو ئێوە بچن لە کوردستان لەناو خۆتاندا رێک بکەون پاشان وەرن بۆ ئێرە.

ئێمە لە کاتی نووسینەوەی دەستووری کاتی عێراقیشدا تووشی هەمان هەڵوێست بووینەوە، بۆچی دەبێت رێگە بدەین لە دەستووردا مەسەلەی کەرکووک قسەی لێبکرێت، چونکە کەرکووک شارێکی کوردستانییە و ئەوە دوژمنانی کوردن دەیانەوێت لەسەر کەرکوک قسە بکرێت بۆیە ئەگەر ئێمە یەکگرتوو بین دەتوانین زۆر شت بکەین. ■